# داگیرکردنی زەوی لە سلێمانی یاساکانی بەعسە!

**هونەرعەبدوڵا**

کێشەی زەوی لە کوردستان، یەکێکە لەو کێشانەی کە لە هەموو دەورەیەکی مێژووی و ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە ناوچەکەدا سەوداو مامەڵەی پێکراوە و زۆر جار خوێنڕشتن و گەرماوی خوێنی لەسەر سازکراوە.

گەر دوور نەڕۆین، هەمووومان لە میدیاکانی خودی ئەحزابی حاکم لە کوردستان سەدەها جار گوێمان لێبووە کە هۆی شەڕی ماڵویرانکەری ناوخۆی ساڵی ١٩٩٤یان بۆ دەستدرێژی یەکێك لە ئاغاکانی پشدەر بۆ سەر زەوی و ماڵی لایەنگرانی حیزبی بەرامبەر، دەگەڕاندەوە.

پرۆسەی ئیسلاحی زراعی و دابەشکردنەوەی زەوی لە عێراق، کە لە ژێر ناوی بەرگری لە جوتیارانی هەژار بەڕێوە دەچوو، پرۆسەیەك بو بۆ ڕاماڵینی پاشماوەی دەرەبەگایەتی و سەقامگیربوونی سیستێمی سەرمایەداری. ئەم پرۆسەیە بە هۆی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٤ کە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕابەرایەتی دەکرد لە کوردستان ڕێگری جدی لەبەردەم جێبەجێکردنیدا دانرا.

پاش دەسەڵاتداری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەندێ ناوچەی گوندنشیندا، بە دوای شکستی پارتی، یەکێتی لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی خۆی بۆ ڕاکێشانی جوتیارانی هەژار و دەستکورت لاسایی هەمان پرۆسەی کردەوە لە ژێر ناوی سوسیالیزم و هەڵوەشاندنەوەی موڵکایەتی تایبەتی، بەڵام هەردوای گەشتنیان بە حکومەت و دەستەڵاتی فیعلی خۆیان ئەم پرۆسەیە بە باداچوو، و بەدوای خۆیدا گورەترین کێشەی بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە سازکرد و دەیان شەڕو شۆڕی عەشایەری لێکەوتەوە.

حکومەتی بەعس، کە بۆ خۆی حکومەتێکی سەرمایەداری دەوڵەتی لە شکڵی حکومەتی شۆڕەوی بوو، لە ژێر ناونیشانی ئیشتراکی عەرەبی، دیاریکردنی ئاستێك بۆ موڵکایەتی، یاسایەکی دانا بە ناوی (قانون الاطفأ) واتە کوژانەوەی مافی موڵکایەتی، حکومەتی بەعس بەم یاسایە زەوی و زارێکی زۆری خەڵکی داگیرکرد. ئەم یاسایە کە بە بڕیاری سیاسی دەستەڵاتدارە بەعسیە ئیسنان کوژەکان بەڕیوەدەچوو، هەمیشە بڕیاری سیاسی ئەمان سەنگی مەحەك بوو کە کێ زەوی ئەتفا بکرێت یان نەکرێت، لە کوردستان ئەم بڕیارە هەموو ئەو زەویانەی گرتەوە کە خاوەنەکانیان ئامادە نەبوون مل بۆ جاشایەتی و نۆکەرایەتی بەعس بدەن، بەکورتی بەعس لە کوردستان ئەم یاسایەی بە دەستەوە گرتبو لە دژی خەڵکی کوردستان و چاوسوورکردنەوە و هەڕەشەکردن لە ئەتفاکردنی زەوی و موڵکی ئەو کەسانەی کە لە دژی ئەو ڕژێمە هارو دڕندەیە چەك هەڵدەگرن، یاخود مل بە سیاسەتەکانی نادەن، بەڵام دژیاتی و خەبات لە دژی بەعس قوربانی دان بە گیانی دەویست کە لە دەستدانی زەوی و موڵك بە ئاوخواردنەوە دەهاتە بەرچاو!

خەڵکی سلێمانی، هەمووشێخ جەعفەر بەرزنجی دەناسن کە پارێزگاری سلێمانی بوو جگە لەوەی قارەمانێکی بەرزی ئەنفال بوو قارەمانی ئەتفـــــاو داگیرکەری زەوی وماڵی خەڵکی نەیارانی بەعس بوو، ئەو زەویە داگیرکراوانەیان بەسەر دارو دەستەی خۆیان لە ڕەفیق حیزبی، جیش شعبی، مەلاکان دابەشکرد، پاشان هەندێکی تری کرا بەناوی خیزانی شەهیدانی قادسیەی صدامەوە.

خەڵکی زیان لێکەوتوو کە ئومێدیان بەڕاپەڕین و دەستەلاتی کوردی بەستبوو، لە بێ هیوایی هیچیان بە نسیب نەبوو، ئەوەی حکومەتی بەعس لە دەستی دەرچوو ئەمان کردیان، ئەو نەیارە خاوەن زەویانەی کە کوڕیان پێشمەرگە بوو



www.kurdistannet.org

ئەوانەی کوڕیان هەڵاتوو سەربازی و سەر بە ئەفواج خەفیفە نەبوو کە ناویان خرابووە سەرەوە و چاوەڕی ئەتفاکردنی زەوی ومولکەکانیان بوون بەڵام بە هۆی کشانەوەی ئیدارەی حکومەتی بەعس لە کوردستان بڕیارەکە جێبەجێ نەکرابوو، ئەمان لیستەکەیان هێنا دەرەوەو فوویەکیان لە تەپو تۆزی نیشتووی کردوو، زەویەکانیان داگیرکردن و خستیان ڕیزی زەویە (الاطفأ) کراوەکانەوە.

لێرەدا سەیر ئەوەیە کە یەکێتی دەورانێکی زۆر خەڵکی لە دەور خۆی کۆدەکردەوە کە گوایە بە دوای ئالوگۆرە لەیاساکانی بەعسدا، بەڵام ئیستا حکومەتی بەعس کار بەم یاسایە ناکات و ڕایگرتووە، کەچی حکومەتەکەی یەکێتی بۆتە شرەخۆری یاساکانی بەعس لە کوردستان، بە واتایەکی تر شەڕکەر وازی هێناو کەچی ناوبژیوان وازناهێنێت!

ئەوەی شایانی باسە، ئەم زەویانە هەمووی خاوەنی هەیە و تەواوی ئەو زەویانە ژمارە و تاپۆی ڕەشی سەردەمی مەلیکیان هەیە، ئیتر دەکرێت ئەمە بەس بیت بۆ هەر دەستەڵاتێك کە دەم لە شەرعیەتی یاسا بکوتێ، کە دان بە خاوەنداریێتی ئەو زەویانە بۆ خاوەنەکانیان بنێت، دادانی هەریاسایەك بۆ سڕینەوەی خاوەنداریێتی ئەو موڵکانە نا شەرعی و ملهوڕیە.

دەستەڵادارانی حکومەتی یەکێی، لە وەڵام بە خەڵکی ناڕازی و کلاونانەسەریان وتوویانە کە خەمتان نەبێت ئێمە کاری قانونیتان بۆ دەکەین، بەڵام ئەم دیمەنە کاریکاتێری و دەستخەڕۆکردنە، گەر دەستەڵاتداران ڕستگۆ بوونایە دەبوو بیان وتیا هەوڵدەدەین ئەو قانوونە بگۆڕین، یاخود لایەنی کەم ئێمەش وەك بەعس کاری پێنەکەین، بەڵام گەڕانەوە بۆ قانون واتا شەرعیەتدان بە داگیرکردن چونکە قانونی داگیرکردنەکە لای ئەوان هێشتا کارپێدەکرێت و جێگەی ڕێزە!

وەك ئاشکرایە، یاساکان ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی و ئابوریە، حکومەتی بەعس ئەم یاسایەی لە کاتێکدا دانا کە دەمی بە ناو لە ئیشتراکیەت دەکوتی، بەڵام ئیستا کە موڵکایەتی تایبەتی و بازاڕی ئازادی قبوڵە کار بەم یاسایە ناکات، بەڵام بۆ حکومەتەکەی یەکێتیش کە سەرمایەداربوونی وڵات بە کەرتی تایبەت و بازاڕە ئازادەکەیەوە! بە خوێن و بە گیان قبوڵە دەبوو کارێکی هەر لەم چەشنە بکات، بەڵام دیارە ئەوان خۆیان بە موەقەت دەزانن و سوود لە کاتی بەنرخ وەردەگرن بۆ کەڵەکەی سەرمایەکانیان!

یەکێتی نیشتیمانی و حکومەتەکەی بۆ شەرعیەت دان بەم بڕیارە لە ناو خەڵکیدا وا قسە دەکەن کە گوایە ئەو زەویانە بۆ بەرژەوەندی گشتی وەك باخ و پرۆژەی ئاوەدانی و خیزانی شەهیدان بەکاردەهێنێت، ئەم قسەیە دوورە لە ڕاستی و موستەمسەکی تەواو لە بەر دەستدایە کە ئەو زەویانە هەر لە سەرەتاوە بەسەر مەسئولین و حیزبیە گەورەکانی خویان دابەشیان کرد و هەر زوو بە هاووڵاتیانی ئاساییان فرۆشتەوە تا سبەینێ لە سەر ئێشە بە دووربن. خۆ ئەگەر مەسەلەکەش بەرژەوەندی گشتیە ئەوا دەبێت ئەو زەویانە بکڕدرێنەوە لە سەر بڕیاڕ و ڕێکەوتنی هەردوولا. گەر مەسەلەش ڕێزلێگرتنی شەهیدانە، ئەوا دووبارە یەکێتی بۆ شەهیدەکانی خۆی دەکرێت لە بودجەیخەیاڵی خۆی زەویان بۆ بکڕێت،ئەو زەوی و موڵکانە دەستکەوتی جەنگ (غنائم الحرب) نین کە بدرینە جەنگاوەران و کەسوکاری شەهیدان، ئەوانە بۆ خۆشیان زیانباری دەستی بەعسن و بەشێك لەو زەویە داگیرکراوانە خاوەنەکانیان کەسانی شەهیدی پێشمەرگەو قەسابخانەکەی ئەبوغریبی بەغدان، بەڵام دیارە ئەمە ئاوی حەمامەو یەکێتی دەیەوێت پیاوەتی بە سەرەوە بکات!

www.kurdistannet.org

**وەك ئاشكرایە، خەڵكی ئەو خاوەن زەویانە زۆریان ئیستا کەسانی موحتاجن و سەقفێك شك نابەن کە تیدا بژین و زۆریان کرێچی و دانیشتووی خانووی قوڕینن، بەڵام یاساکان هەمیشە لە بەرژەوەندی دەستەڵاتداران و سەرکوتی ئەم ئینسانە دەستکورت و زیان لێکەوتووانە کاری پێدەکرێت، لە نموونەی ئەمەشدا ئەندامی بەرزی یەکێتی نیشتمانی بەڕێز ملازم عومەر یەکێکە لەو کەسانەی کە حکومەتی بەعس زەوی و موڵکەکانی خستە لیستی زەویە ئەتفـــا کراوەکانەوە، بەڵام ئیستا خاوەنی تەواوی زەویەکانی خۆیەتی!ئەمەش بانێکەو دووهەوا!**

**خاڵێکی تر، کە جێگەی شەرمەزاریە بۆ کەسێك کە خۆی ڕۆژێك لە ڕۆژان بە کوردپەروەر یاخود دژە بەعس لە قەڵەم دابێت، دوانزە سیانزە ساڵ لە حوکم و دەستەڵاتداریێتیان، لە کیتابی ئەتفـــای ئەو زەویانە نووسراوە** (بموجب قرار مجلس القيادة الثورة)**، واتە بە پێی بڕیاری مەجلیسی سەرکردایەتی شۆڕشی حکومەتی بەعس، خەڵکینە، هیچ ناونیشان و تایتلێك ناتوانێت ئەمە بگرێتە خۆی جگە لە بەعس گێتی حکومەتەکەی یەکێتی نەبێت!!!**

**لە کۆتایدا ئەوە ماوە بلێین: کە ئەم بازرگانیە گەورەیە کە لە کوردستان بەڕیوە دەچێت، ڕۆژنامەکان خۆیان لە قەرەی نادەن، کە ئەمە هەم ئەو ئازدی بەناو ڕۆژنامەگەری و هەم ئیعتیباری ئەو دەیان و سەدان ڕۆژنامانەی لەکوردستان دەردەچن دەخاتە ژێر پرسیارەوە!**

**پێویستە ئەوەش بلێین: کە ئەو زەویانە دەبێت بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێنرێتەوە و زەرەروزیانەکان قەرەبووبکرێتەوە، هەروەها سەبارەت بەم پێشلکردنەی مافی خەڵکی، دەبێت لە زووترین کاتدا شکاتنامە و دادگاکانی ئەورووپا و ئەمینستی ئەنتێرناشیونال بە دەستەوە بگیرێت، چونکە ئەوان نایەنەوێ لەو جێگەیەی خویان و چەکەکانیان حاکمە گوێ لە داوای خەڵکی و ڕێز بۆ بەرژەوەندیەکانی خەڵکی دابنێن، لە بەر ئەوە بەدەستەوەگرتنی دادگاکانی ئەورروپا هەنگاوێکی شیاوە لەو ڕاستایەدا، دەبێت حکومەتی هەرێمی یەکێتیش ئەمە بە مافی خەڵکی بزانێت کاتێك کە یاساکانی کوردستان دەستەوەستانن لە ئاست بەرگری لە مافی خەڵکانی تردا!**

www.kurdistannet.org